# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢١٥) سالّی حەڤدەم ٣٠/ ئاب/٢٠١٧ زاینیی ٨ / گەلاوێژ/ ٢٧١٧کوردی ٨ / ذی الحجە / ١٤٣٨ کۆچی

215


لەم ژمارەیەدا :


رێنمایی ژمارە (١)ی سالّی ٢٠١٧ وەزارەتی داد لا ١

رێنمایی بلاّوکردنەوە لە رۆژنامەی رەسمی (وەقایعی کوردستان )

رێنمایی ژمارە (٢)ی سالّی ٢٠١٧ وەزارەتی خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی لا ٤

رێنمایی تایبەت بە مەرج و رێنماییەکانی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان

بۆ سالّی خوێندنی ٢٠١٧- ٢٠١٨

رێنمایی ژمارە (١)ی سالّی ٢٠١٧وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لا ٢٣

رێنمایی تایبەت بە مۆلّەتی هاوردن و هەناردن و ناسنامەی بازرگانی

بەیانی سالّی ٢٠١٧ ئە نجومەنی دادوەری لا ٢٩

بەیانی ژمارە (٢٧- ٢٨ – ٢٩ – ٣٠ – ٣١ – ٣٢ – ٣٣- ٣٤ – ٣٥ – ٣٦ )ی سالّی ٢٠١٧ وەزارەتی تەندروستی لا ٣٠



ناونیشان : هەولێر - چوار رێانی فرنسۆ میتران بالەخانەی وەزارەتی داد.

☎ :(٢٢٤٥٥٠٨-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥١٤)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Publishing by Ministry of Justice

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢١٥) السنة السابعة عشرة ٣٠ / أب / ٢٠١٧ ميلادي ٨/ گەلاویژ / ٢٧١٧كوردي ٨ / ذي الحجة / ١٤٣٨هجري

215

في هذا العدد:

فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط


| | |
|---|---|
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٧ وزارة العدل | ص ١ |
| تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠١٧ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي | ص ٤ |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٧ وزارة التجارة و الصناعة | ص ٢٣ |
| بيان لسنة ٢٠١٧ مجلس القضاء | ص ٢٩ |
| بيان رقم (٢٧- ٢٨ - ٢٩ - ٣٠ - ٣١ - ٣٢ - ٣٣ - ٣٤ - ٣٥ - ٣٦) لسنة ٢٠١٧ وزارة االصحة | ص ٣٠ |


No. 215 Date : August , 30 , 2017 Vol.: 17

مطبعة نازة

http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل
☎ :(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٦٨٩ لە ٢٠١٧/٨/٢٩**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی دەیەم لە یاسای بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی رەسمی (وەقایعی کوردستان ) ژمارە(٤)ی ساڵی ١٩٩٩ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :-**

## ڕێنمایی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٧
## ڕێنمایی بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی رەسمی ( وەقایعی کوردستان )

**ماددەی ( ١ ) : مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ئەو مانایانەیە کە لەبەرامبەریان هاتووە بۆ مەبەستەکانی جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییە :**

**١- هەرێم : هەرێمی کوردستان - عێراق .**

**٢- پەرلەمان : پەرلەمانی کوردستان – عێراق .**

**٣- ئەنجومەن : ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق .**

**٤- یاسای بڵاوکردنەوە: یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی رەسمی (وەقایعی کوردستان) ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩.**

**٥- وەزارەت : وەزارەتی داد و وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم .**

**٦- فەرمانگە و دەستە : فەرمانگە و دەستە سەربەخۆکان و نەبەستراو بەوەزارەت .**

**٧- رۆژنامە: رۆژنامەی رەسمی (وەقایعی کوردستان ) .**

**ماددەی ( ٢ ) :**

**بەپێی ماددەی (یەکەم) لە یاسای بڵاوکردنەوە ،وەزارەتی داد رۆژنامەیەك دەردەکات بەناوی (وەقایعی کوردستان) کە رۆژنامەی فەرمی هەرێمە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی .**

**ماددەی ( ٣ ) :**

**بەپێی ماددەی (دووەم) لەیاسای بڵاوکردنەوە ئەم رۆژنامەیە تایبەتمەند دەبێت بەبڵاوکردنەوەی ئەمانەی خوارەوە :**

**١- یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان و ئەوەی بەهاوپێچەکانیان هەژمار دەکرێت یان ئەوەی تیایدا دەقی گرتووە بۆ بڵاوکردنەوەی .**

**٢- مەرسووم و فەرمانی هەرێمی دەرچوو بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراودا هاتووە .**

٣- پەیڕەو و بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەت و فەرمانگە و دەستەکان کە یاسا ڕێکیخستووە و دەسەڵاتی پێداون .

٤- ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەت وفەرمانگە ودەستەکان کە یاسا ڕێکیخستووە ودەسەڵاتی پێداون

٥- بەیان .

**ماددەی ( ٤ ) :**

بۆ دەرچواندنی ئەو بابەتانەی کە لە ماددەی (٢)ی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە پێویستە ئەم ڕێکارانەی خوارەوە ئەنجام بدرێت :

١- دیاری کردنی ئەو ماددە و بڕگە یاساییانەی کە دەسەڵات دەدات بەو لایەنە بۆ دەرچواندنیان .

٢- دیاری کردنی کاتی جێبەجێکردنی ئەوەی کە دەردەچوێنرێت بە یەکێك لەم شێوازانەی خوارەوە :

أ- ئەم (        ) جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان ).

ب- ئەم (        ) جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

ج- ئەم (        ) جێبەجێ دەکرێت دوای (     ) ڕۆژە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان ) .

د- ئەم (     ) جێبەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی (  /   /  ٢٠١) و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

٣- ئەوەی کە دەردەچوێندرێت پێویستە واژووبکرێت لەلایەن ئەو کەسەی کە یاسا دەسەڵاتی پێداوە بۆ دەرچواندنی .

٤- بەپێی ماددەی (شەشەم ) بڕگەی (٢) لە یاسای بڵاوکردنەوە ئەوەی کە دەردەچوێندرێت ژمارەی زنجیرەی خۆی دەبێت و دەخرێتە سەری ساڵی دەرچوونی و ناونیشانەکەشی لە ناوەڕۆکەکەیەوە وەردەگیرێت

**ماددەی ( ٥ ) :**

بەپێی ماددەی (سێیەم) لە یاسای بڵاوکردنەوە ئەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە بە دەقی فەرمی و باوەر پێکراو هەژمار دەکرێت ئەگەر دەقێکی تیا نەهاتبێ کە پێچەوانەی ئەوە بێت .

**ماددەی ( ٦ ) :**

١- بەپێی ماددەی (پێنجەم) لە یاسای بڵاوکردنەوە وا دادەنرێت ئەوەی لە (وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە هەموو کەس پێیان زانیوە ، ئیدیعاکردن بە نەزانین بەوەی کە لەناوەڕۆکی دا بڵاوکراوەتەوە بەهەند هەڵناگیرێت .

٢- بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامە ئەرکی چاپکردنی ژمارەی پێویست لە ئەستۆ دەگرێت .

٣- بەرێوەبەرایەتی رۆژنامە بەهەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی تەکنەلۆژیای زانیاری (IT) دەبێت ئەو ژمارانەی کە دەردەچێت لە ویب سایتی وەزارەت بڵاوی دەکاتەوە بۆ ئەوەی بە ئاسانترین و زووترین کات بگات بەدەستی هەموو کەسێك .

**ماددەی ( ٧ ) :**

١- بەپێی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای بڵاوکردنەوە ئەگەر هەڵەیەکی چاپ لە بڵاوکراوەکەدا هەبوو ئەوا بەبەیان راست دەکرێتەوە لەلایەن ئەو لایەنەوە کە هەڵەکەی ئەنجام داوە و دەبێت راست کردنەوەکەش لە رۆژنامەی فەرمی بڵاو بکرێتەوە .

٢- ئەگەر هەڵەکە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی رۆژنامە روویدا لەکاتی بڵاوکردنەوە ئەوا ئەم بەرێوەبەرایەتییە دەتوانێت بەبەیانێك ئەم هەڵە راست بکاتەوە بەواژووی وەزیر و بڵاوی بکاتەوە .

**ماددەی ( ٨ ) :**

١- بەپێی ماددەی (حەوتەم) لە یاسای بڵاوکردنەوە هیچ لایەنێك یان کەسێك بۆی نیە ئەوەی لە رۆژنامە بڵاوکراوەتەوە دووبارە چاپی بکاتەوە مەگەر بە رەزامەندی و سەرپەرشتی وەزارەتی داد بێت .

٢- بەمەبەستی وەرگرتنی رەزامەندی بۆ دووبارە چاپ کردنەوە پێویستە داواکاری لە رێگای بەرێوەبەرایەتی رۆژنامە ئاراستەی وەزیری داد بکرێت .

٣- دوای وەرگرتنی رەزامەندی دووبارە چاپ کردن ، بەرێوەبەرایەتی رۆژنامە سەرپەرشتی دەکات بە ئامانجی رێگری کردن لە هەڵەی چاپ و گۆرانکاری .

٤- وەزارەتی داد رێکاری یاسای دەگرێتەبەر بەرامبەر ئەو کەس ولایەنانەی کە سەرپێچی ئەم ماددەیە دەکەن .

**ماددەی ( ٩ ) :**

١- لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانە ئەم رێنماییە جێبەجێ بکەن .

٢- ئەم رێنماییە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت .

**سنان چلبی**
**وەزیـــــری داد**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**ژمارە: ١٠٧١٢ لە ٢٠١٧/٨/٢**

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧
## تایبەت بە مەرج و ڕێنماییەکانی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٧-٢٠١٨

**پلان و ئامانج و دیدی وەزارەت:**

لەژێر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣)ی زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان و بەمەبەستی ڕێکخستنەوەو چەسپاندنی دادپەروەری و شەفافیەت لە پرۆسەی وەرگرتن و دڵنیابوونەوە لە ئاستی زانستی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان، مەرج و ڕێنماییەکانی تایبەت بە وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٧-٢٠١٨) پلانی وەزارەتمان دەبێت لە رووی پێوەرەکان، کە لەهەمانکاتدا ئامانج تێیدا پاراستنی مافی قوتابی/خوێندکارانە لە بەدەستهێنانی هەلی خوێندن لە زانکۆو پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان و بەدیهێنانی هاوسەنگی لە وەرگرتن لە نێوان دەرچوان و بازاری کار بە جەختکردنەوە لە پاراستنی کوالیتی خوێندن و جێبەجێکردنی بنەماکانی دڵنیایی جۆری و هاندانی زانکۆ وپەیمانگە تایبەتەکانە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی وەرگرتن و ڕاپی کردنی کارەکانی تۆمارەکانیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك کە خزمەت بە قوتابیان/خوێندکاران و پرۆسەی خوێندن بکات.

**یەکەم: مافی وەرگرتن و پێشکەشکردن**

١- هەر قوتابییەك/خوێندکارێك کە فۆرمی وەرگرتن پێشکەش دەکات مەرج نییە وەربگیرێت، چونکە وەرگرتن بەپێی چەند پێوەرێکی تایبەت و لەسەر بنەمای کێبڕکێی کۆنمرە لەگەڵ قوتابیان/خوێندکارانی تردا دەبێت.

٢- وەرگرتن لەبەشەکان بەشێوازی سیستەمی ئەلیکترۆنی(PS Line) جێبەجێ دەکرێت، بۆیە قوتابی/خوێندکار مافی وەرگرتنی هەیە تەنها لە یەك بەش لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان.

٣- قوتابی/خوێندکار مافی نییە لە هەمان کاتدا لە زانکۆیەکی حکومی و زانکۆیەکی تایبەت بخوێنێت، ئەگەر لە هەردووکیان وەرگیرا بوو، ئەوا پێویستە لە هەفتەی یەکەمی دوای ڕاگەیاندنی ناوەکان بڕیاری خۆی بدات و داوای کێشانەوەی دۆسییە و سڕینەوەی ناو لە زانکۆی حکومی یان لە زانکۆ تایبەتەکە بکات، بەپێچەوانەوە لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ دەکرێت.

٤- قوتابی/خوێندکار مافی هەیە لە کاتی پێشکەشکردن، (٣) هەڵبژاردە (اختیار) پڕبکاتەوە لە بەشەکانی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان، ڕیزبەندی و هەڵبژاردەکان (اختیارات) بە پێی بڕیار و ئارەزووی خوێندکار/قوتابی دەبێت. ئەمە پێوەرێکی گرنگ و سەرەکییە لە دیاریکردنی شوێنی وەرگرتن. پێویستە لەسەر قوتابی/خوێندکار ڕەچاوی مەرجە گشتی و تایبەتییەکانی وەرگرتن بکات و تەنها ئەو خوێندن و بەشانە هەڵبژێرێت کە لەگەڵ ئارەزووی خۆی و لقی خوێندنی ئامادەییەکەی و کۆنمرەکەی دەگونجێت، بۆیە بیانووی بەهەڵە پڕکردنەوەی نامێنی.

**دووەم : مەرجە گشتییەکانی وەرگرتن**

**ئەو قوتابی/خوێندکارەی لەزانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان وەردەگیرێت،پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:**

**١- دەرچووی ئامادەییەکان (زانستی و وێژەیی و پیشەییەکان)ی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان یان حکومەتی عێراقی فیدراڵ بێت و بڕوانامەکەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی پارێزگاکەیەوە پەسەند کرابێت.**

**٢- دەرچووی پەیمانگە پێنج ساڵییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە یان پەیمانگە دوو ساڵییەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە بەشە هاوشێوەکانی خۆیان وەردەگیرێت.**

**٣- دەرچووانی دەرەوەی وولآت بە مەرجێك لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە بەرابەرکردنی بڕوانامەی ئەنجامدابێت.**

**٤- لە پشکنینی پزیشکی دەرچووبێت، بەپێی ئەو مەرجە تایبەتییانەی بۆ هەر خوێندنێك دیاریکراوە.**

**٥- دەرچووانی ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧) بە دەرچووی ئەمساڵ ئەژمار دەکرێن، وە دەرچووانی گشت ساڵەکانی پێشووی خوێندن بە دەرچووانی ساڵانی ڕابردوو ئەژمار دەکرێت.**

**٦- هیچ نمرەی بەخشراو بەدەرچووانی (ئەمساڵ و ساڵانی رابردوو) نادرێت.**

**٧- پێویستە تەمەنی قوتابی/خوێندکاری پێشکەشکار بۆ هەردوو کۆلێژی پزیشکی و ئەندازیارییەکان لە (٣٥) ساڵ زیاتر نەبێت.**

**سێیەم :مەرجی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان**

**١- کۆنمرەی وەرگرتن بۆ سەرجەم پەروەردەکانی هەرێم وەکو یەك دەبێت ماف و جیاوك ( أمتیاز ) بەهیچ پەروەردەیەك نادرێت بە بیانووی هێنانی کەمی کۆنمرە بۆ قوتابییانی/خوێندکارانی سنووری پارێزگاکان .**

**٢- خوێندن لە کۆلیژە پزیشکی و ئەندازیارییەکان تەنها بەیانیان دەبێت.**

**٣- ئاماژە بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (ن/٤٦٠) لە (٢٠١٧/٣/٢٩) ئەژمارکردنی نمرەی هەردوو وانەی زمانەکانی کوردی و عەرەبی بۆ وەرگرتن لە کۆلیژ و بەشەکانی (کۆمەڵەی پزیشکی و ئەندازیاری و زانست) بەشێوەی ئارەزوومەندانە (اختیاري) دەبێت.**

**٤- ڕێژەی قوتابی/ خوێندکار بۆ هەر مامۆستایەك لە بەشە زانستییەکان و زانستە مرۆییەکان بەپێ ی ڕێنمایی ژمارەی (٣)ی ساڵی ٢٠١٦ دەبێت.**

**٥- پێش پێشکەش کردنی داواکاری وەرگرتن لەلایەن قوتابیان/خوێندکاران، دەبێت ئاشنا بکرێن بە مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەتمان.**

**٦- زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لەدوای پەسەندکردنی پلانی وەرگرتن لەلایەن وەزارەتەوە دەتوانن دەست بەڕاگەیاندنی ناوی وەرگیراوان بکەن، بەمەرجێك (٣) ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی ناوی قوتابیان/خوێندکاران بێت لە ناوەندی وەرگرتن (Zanko Line) بۆ زانکۆ حکومییەکان.**

٧- پەسەندکردنی پلانی وەرگرتنی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بەندە بە جێبەجکردنی گشت پێوەر و ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆری.

٨- قوتابی/خوێندکاری پێشکەشکار لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان تا دەرچوونی ڕەزامەندی وەرگرتن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و فەرمانی زانکۆیی (فەرمانی کارگێڕی) وەرگرتنی بۆ دەرنەچێت بە قوتابی/خوێندکاری وەرگیراو ئەژمار ناکرێت.

٩- هەر هەڵەیەك یان ساختەیەك لە فۆڕمی وەرگرتن و بڕوانامەی پاڵێوراوان و دۆکیومێنتەکانیان هەبێت یاخود وەرگرتنەکەی بەدەربێت لە ڕێنماییەکانی زانکۆ، وە خودی قوتابی/ خوێندکار بەرپرسە و ناوی لە لیستی وەرگیراوان دەکرێتە دەرەوە بەبێ قەرەبوو کردن. لە هەر قۆناغێکی خوێندن بێت دادەبڕێت وە ئەگەر خوێندنیشی تەواو کردبێت ئەوا بڕوانامەکەی لێوەردەگیرێتەوە و لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵدا دەکرێت.

١٠- قوتابی/خوێندکار پاش دەرچوونی ناوی لە سیستەمی (PS Line) پێویستە لە ماوەی سێ ڕۆژ ناوی خۆی تۆمار بکات و گرێبەست مۆر بکات. بە پێچەوانەوە زانکۆ یان پەیمانگە بۆی هەیە ناوی بسڕێتەوە وە قوتابی/خوێندکاری یەدەگ ئەوانەی پێوەری وەرگرتنیان بە پێی ریزبەندی کۆنمرەی تێدایە وە بەدادپەروەری دەخرێتە شوێنیان.

١١- دوای وەرگرتنی قوتابی/خوێندکار لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان پێویستە لە ماوەی (١٥) ڕۆژ بڕوانامەی ڕەسەن پێشکەش بکات.

١٢- هەر هەڵەیەك لە ڕیزبەندی لیستی وەرگیراوانی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان هەبێت یان هەر کەسێك بە نادادپەروەری لە لیستی وەرگیراوان دانرابێت ئەوا ناوی لە لیستی وەرگیراوان دەخرێتە دەرەوە و یەکێك لە قوتابی/خوێندکارە یەدەگەکان بەپێی زنجیرەی شایستەبوونی کۆنمرەی دەخرێتە شوێنی دوای رەزامەندی وەزارەت.

١٣- بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ڕەچاوکردنی دڵنیایی جۆری لە پرۆسەی خوێندن، هەر زانکۆیەك دەتوانێ ڕێژەی دانراو لە کۆنمرەکان بەرز بکاتەوە لەو کۆنمرانەی لەلایەن وەزارەت بۆ مەرجی وەرگرتن دانراوە.

١٤- خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لە ڕووی دەوام و تاقیکردنەوە بە کردارەکی دەبێت و بە ئەندامبوون لە دوورەوە یان بە کراوەیی نابێت، وە تاقیکردنەوەی لەسەر (١٠٠٪) ڕێگا پێنەدراوە.

١٥- ماوەی خوێندن لە زانکۆ تایبەتەکان (٤) ساڵە، دەرچوان لێیان بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی (بەکالۆریۆس) لە بواری پسپۆڕییەکەی پێدەبخشرێت و لەگەڵ ڕەچاوکردنی ماوەی خوێندن لە پسپۆڕییە پزیشکی و ئەندازەییەکان و یاسا، وە ڕەچاوکردنی ئەو زانکۆیانەی کە پەیرەوی سیستەمی **Credit** دەکەن.

١٦- ماوەی خوێندن لە پەیمانگە تایبەتەکان (٢) ساڵە، دەرچووان لێیان بڕوانامەی (دبلۆم)ی لە بواری پسپۆڕییەکەی پێدەبخشرێت.

**چوارەم: مەرجە تایبەتییەکانی وەرگرتن بۆ پۆلی دوانزەی ئامادەیی (زانستی و وێژەیی).**

| بۆ وەرگرتن لە | تێکرای نمرەی پۆلی دوانزە | بەمەرجێك |
|---|---|---|
| بەشی پزیشکی ددان | ٩٠% کەمتر نەبێت | هەرسێ وانەی زیندەوەرزانی و کیمیا و فیزیا لە (٢٢٥)کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم، دەرچووی بەشی زانستی بێت. |
| بەشەکانی ئەندازیاری تەلارسازی (بیناسازی) و شارستانی | ٨٠% کەمتر نەبێت | کۆنمرەی هەردوو وانەی (فیزیا و بیرکاری)ی لە (١٤٠) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم، دەرچووی بەشی زانستی بێت. |
| بەشی ئەندازیاری نەوت | ٧٧% کەمتر نەبێت | کۆنمرەی هەرسێ وانەی (بیرکاری و کیمیا و فیزیا) لە (٢١٠)کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم، دەرچووی بەشی زانستی بێت. |
| بەشەکانی ئەندازیاری کۆمپیوتەر و گەیاندن، کۆمپیوتەر، کارەبا، میکانیک، دیزاینی ناوخۆ، ووزە، بەرهەمهینان، سیستەمی کۆنترۆل کردن، رووپێویی و هێکاری، میکاترۆنیك | ٧٥% کەمتر نەبێت | کۆنمرەی هەردوو وانەی (بیرکاری و فیزیا)ی لە (١٣٥) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم، دەرچووی بەشی زانستی بێت. |
| بەشی ئەندازیاری ژینگە | ٧٠% کەمتر نەبێت | کۆنمرەی هەرسێ وانەی (زیندەوەرزانی و فیزیا و کیمیا)ی لە (٢٠٠) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم، دەرچووی بەشی زانستی بێت. |
| بەشەکانی کۆلیژی زانست (زانستی کۆمپیوتەر، تەکنەلۆجیای زانیاری، سیستەمی زانیاری، زانستی ژینگە) | ٦٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت. |
| بەشەکانی کۆلیژی زانست (بایۆلۆجی، شیکردنەوەی نەخۆشییەکان، چارەسەری سروشتی) | ٦٢% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت نمرەی وانەی زیندەوەرزانی لە (٦٢%) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم. |
| کۆلیژی زانست بەشی (ماتماتیک) | ٦٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت نمرەی وانەی ماتماتیک لە (٦٠%) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم. |
| کۆلیژی زانست بەشی (فیزیا) | ٦٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت نمرەی وانەی فیزیا لە (٦٠%) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم. |
| بەشی یاسا | ٦٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی و وێژەیی بێت. |
| بەشەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیبلۆماسیەت ، پەیوەندیە گشتیەکان، زانستە ڕامیاریەکان، رامیاری گشتی, زانستە نێودەولەتیەکان | ٦٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی و وێژەیی بێت. |
| بەشەکانی لێکۆڵینەوەی نێودەڵەتی، لێکۆڵینەوەی ئاڕاستەکراوەکان | ٥٧% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی و وێژەیی بێت. |

| | | |
|---|---|---|
| بەشی زمانی کوردی | ٦٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی و وێژەیی بێت ونمرەی وانەی زمانی کوردی لە (٦٠%) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم. |
| بەشەکانی زمانی ئینگلیزی، ئەدەبی ئینگلیزی | ٦٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی و وێژەیی بێت ونمرەی وانەی زمانی ئینگلیزی لە (٦٠%) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم. |
| بەشی وەرگێڕان | ٥٨% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی و وێژەیی بێت ونمرەی وانەی زمانی ئینگلیزی لە (٦٠%) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم. |
| بەشی زمانی عەرەبی | ٦٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی و وێژەیی بێت ونمرەی وانەی زمانی عەرەبی لە (٦٠%) کەمتر نەبێت لە خولی یەکەم یان دووەم. |
| بەشی زمانی فەڕەنسی | ٥٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی و وێژەیی بێت. |
| بەشی شوێنەوار | ٥٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی و وێژەیی بێت. |
| کۆلیژی پەروەردە بەشی ماتماتیک | ٦٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت نمرەی وانەی بیرکاری لە (٦٠%) کەمتر نەبێت . |
| کۆلیژی پەروەردە بەشی فیزیا | ٦٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت نمرەی وانەی فیزیا لە (٦٠%) کەمتر نەبێت لە. |
| کۆلیژی پەروەردە بەشی بایۆلۆجی | ٦٢% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت نمرەی وانەی زیندەوەرزانی لە (٦٢%) کەمتر نەبێت. |
| کۆلیژی پەروەردە بەشی کیمیا | ٥٧% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت نمرەی وانەی کیمیا لە (٦٠%) کەمتر نەبێت. |
| بەشی پەروەردەی هونەری شێوەکار | ٥٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی و وێژەیی بێت. |
| بەشەکانی کۆلیژی پەروەردە (پەروەردەی گشتی، باخچەی ساوایان، پەروەردەی تایبەت، پەروەردەی وەرزشی، کۆمەڵناسی) | ٥٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی و وێژەیی بێت. |
| بەشی کۆلیژی ئاداب و هونەر (ڕاگەیاندن) | ٥٨% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی یان وێژەیی بێت. |
| بەشی هونەری دیزاینی ناوخۆ | ٦٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت. |
| بەشەکانی کۆلیژی کارگێری و ئابووری (ژمێریاری، ئابووری، دارایی و بانک ،کارگێری کار، بەرێوەبردنی کار، بەرێوەبردن و ئابووری، کارگێری یاسا، کارگێری تەندروستی، بازاڕگەری، کارگێری ئۆتێلەکان، کارگێری گەشتیاری، کارگێری زانیاری، سیستەمی زانیاری کارگێری، کارگێری گشتی، میوانداری گەشت و گوزار) | ٥٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی یان وێژەیی بێت. |

| | | |
|---|---|---|
| بەشی ژمێریاری بە تەکنەلۆجیای زانیاری، سیستەمی زانیاری کارگێری | ٦٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت |
| بەشەکانی پەیمانگە تەکنیکیەکانی (ژمێریاری ،گەشتوگوزار، کارگێری کار ، کارگێری یاسا، کارگێری بانکیەکان، کارگێری نەوت و گاز) | کراوە | دەرچووی لقی زانستی یان وێژەیی بێت. |
| بەشەکانی پەیمانگە پزیشکیەکان (دەرمانسازی) | ٦٥%کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت. |
| بەشەکانی پەیمانگە پزیشکیەکان (دروست کردنی ددان) | ٦٥%کەمتر نەبێت | دەرچووی لقی زانستی بێت. |
| بەشەکانی پەیمانگە تەکنیکیەکان (تەکنەلۆجیای زانیاری, زانستی کۆمپیوتەر, Network ، BIT ) | کراوە | دەرچووی لقی زانستی بێت. |
| بەشەکانی پەیمانگەی نەوت (تەکنیکی هەڵکەندن، پالاوتنی نەوت و تەکنیکی گاز، پاڵاوتنی نەوت – کارپێکردن و کۆنترۆڵ، رووپێوی نەوت) | کراوە | دەرچووی لقی زانستی بێت. |
| بەشەکانی پەیمانگە تەکنیکیەکانی (زمانی ئینگلیزی) | کراوە | دەرچووی لقی زانستی یان وێژەیی بێت. |
| بەشەکانی پەیمانگە تەکنیکیەکانی (ڕێنمایی کشتوکاڵ) | کراوە | دەرچووی لقی زانستی بێت. |

## پێنجەم: مەرجە تایبەتییەکانی وەرگرتن بۆ دەرچوانی لقە پیشەییەکان

| بۆ وەرگرتن لە | تێکرای نمرەی | بەمەرجێك |
|---|---|---|
| بەشی ئەندازیاری تەلارسازی، شارستانی | ٩٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی وێنەی ئەندازەیی بێت. |
| بەشی ئەندازیاری میکانیک | ٩٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی میکانیك بێت. |
| بەشی ئەندازیاری کارەبا | ٨٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی کارەبا بێت. |
| بەشی ئەندازیاری کۆمپیوتەر، کۆمپیوتەر و گەیاندن | ٨٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی پیشەیی بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری (IT) یان چاککردنەوەی کۆمپیوتەر بێت. |
| بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری و بەشی سیستەمی زانیاری | ٧٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی پیشەیی بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری (IT) یان چاککردنەوەی کۆمپیوتەر بێت. |
| بەشی ژمێریاری | ٦٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی بازرگانی بێت. |
| بەشی دارایی و بانک | ٦٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی بازرگانی بێت. |
| کارگێری کار | ٦٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی بازرگانی بێت. |
| بەشی تەکنیکی هەلکەندن لە پەیمانگەی نەوت | ٥٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی میکانیک بێت. |

| | | |
|---|---|---|
| بەشەکانی پەیمانگە تەکنیکیەکانی ژمێریاری,کارگێری بانکیەکان , کارگێری کار | ٥٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی بازرگانی بێت.<br>رێژەی (٣٠%) پلانی وەرگرتن بۆ ئەم بەشە دەبێت |
| بەشەکانی پەیمانگە تەکنیکیەکان (تەکنەلۆجیای زانیاری, زانستی کۆمپیوتەر , کۆمپیوتەر نێت ۆرک) | ٥٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی پیشەیی بەشی IT یان چاککردنەوەی کۆمپیوتەر بێت.<br>رێژەی (٣٠%) پلانی وەرگرتن بۆ ئەم بەشە دەبێت |
| بەشەکانی پەیمانگە تەکنیکیەکان (گەشتوگوزار) | ٥٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی ئامادەیی گەشتوگوزار<br>رێژەی (٣٠%) پلانی وەرگرتن بۆ ئەم بەشە دەبێت |
| بەشەکانی پەیمانگە تەکنیکیەکانی (رێنمایی کشتوکاڵ) | ٥٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی ئامادەیی ئامادەیی کشتوکاڵ<br>رێژەی (٣٠%) پلانی وەرگرتن بۆ ئەم بەشە دەبێت |

**شەشەم: مەرجە تایبەتییەکانی وەرگرتن بۆ دەرچووانی پەیمانگە پێنج ساڵییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێم.**

| بۆ وەرگرتن لە | تێکرای نمرەی | بەمەرجێك |
|---|---|---|
| بەشەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و سیستەمی زانیاری زانستی کۆمپیوتەر | ٦٥%کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی **Network** یان **Programming**یان **Web Design** بێت. |
| بەشەکانی زمانی ئینگلیزی و وەرگێڕان | ٦٥%کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی زمانی ئینگلیزی بێت. |
| بەشەکانی ژمێریاری و کارگێری کار | ٦٥%کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی کارگێری یان ژمێریاری بێت. |
| بەشی وەرزش | ٦٠%کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی وەرزش بێت. |
| بەشی هونەری شێوەکاری | ٦٥%کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی هونەر بێت. |

**تێبینی:**

**١- دەرچووانی ئامادەیی و پەیمانگە پیشەییەکان ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات خوێندنیان تەواو کردووە و بڕوانامەکانیان لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێم یەکسانکراوە دەتوانن بۆ بەشی هاوشێوە داواکاری وەرگرتن پێشکەش بکەن. بەڵام ئەگەر پسپۆڕی بڕوانامەکەی روون نەبوو، ئەوا لیژنەی باڵا بڕیار لەسەر بەشی هاوشێوەی دەدات.**

٢- قوتابی/خوێندکارانی دەرچووی ئامادەیی لە دەرەوەی وولاّت کە بڕوانامەکانیان بە پیشەیی هاوتا دەکرێت لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمەوە, ئەگەر لە (٩) ساڵ و زیاتر بە زمانی ئەو وولاّتە خوێندبوویان کە تیایدا ژیاون، ئەوا لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ هەرێم مافی ئەوەیان هەیە لەو بەشانەی زمان، کە لە دەرەوەی وولاّت خوێندنیان پێ تەواو کردووە لە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم بخوێنن.

**حەوتەم: مەرجە تایبەتییەکانی وەرگرتن بۆ دەرچووانی پەیمانگە تەکنییەکان**

| بۆ وەرگرتن لە | تێکڕای نمرەی | بەمەرجێك |
|---|---|---|
| بەشی پزیشکی ددان | ٩٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی دووەم لەسەر ئاستی هەرێم لە بەشی پزیشکی تەکنیکی ددان بۆ ساڵی دەرچوونی (٢٠١٦ – ٢٠١٧). |
| بەشی ئەندازیاری شارستانی | ٨٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی بیناکاری بێت. |
| بەشی ئەندازیاری نەوت | ٨٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی تەکنەلۆجیای نەوت بێت. |
| بەشی ئەندازیاری هێکاری و روپێویی | ٨٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشەکانی ڕووپێوی بێت. |
| بەشی ئەندازیاری میکانیک | ٧٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی میکانیک بێت. |
| بەشی ئەندازیاری میکاترونیك، ووزە، بەرهەرمهێنانی | ٧٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشەکانی ووزە، میکانیک بێت. |
| بەشی ئەندازیاری کارەبا | ٧٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی کارەبا بێت. |
| بەشی ئەندازیاری کۆمپیوتەر و گەیاندن کۆمپیوتەر | ٧٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشەکانی کۆمپیوتەر، گەیاندن، تەکنەلۆجیای زانیاری بێت. |
| بەشەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری (I T) و سیستەمی زانیاری | ٦٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری بێت. |
| بەشی یاسا | ٦٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی کارگێری یاسا بێت. |
| بەشی شیکردنەوەی نەخۆشییەکان | ٦٠% کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی شیکردنەوەی نەخۆشییەکان بێت. |
| بەشەکانی زمانی ئینگلیزی، ئەدەبی ئینگلیزی، وەرگێڕان | ٥٥% کەمتر نەبێت | دەرچووی بەشی زمانی ئینگلیزی بێت. |
| بەشی ژمێریاری | کراوە | دەرچووی بەشی کارگێری بانکەکان یان بەشی ژمێریاری بێت. |
| بەشی دارایی و بانك | کراوە | دەرچووی بەشی کارگێری بانکەکان بێت. |
| بەشی کارگێری کار | کراوە | دەرچووی بەشی کارگێری بێت. |
| بەشی گەشتوگوزار | کراوە | دەرچووی بەشی ڕێبەری گەشتیاری یان بەشی کارگێری دەزگاکانی گەشتیاری بێت. |
| بەشی ڕاگەیاندن | کراوە | دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن بێت. |
| بەشی کارگێری یاسا | کراوە | دەرچووی بەشی کارگێری یاسا بێت. |

**هەشتەم: ڕاستاندنی بڕوانامەکان**

١- هەر قوتابی/خوێندکارێك دانیشتووی پارێزگەکانی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بێت بڕوانامەی ئامادەیی لە دەرەوەی هەرێم بە دەست هێنا بێت ناوی لە لیستی وەرگیراوان لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان هەبوو ناوەکەی دەخرێتە دەرەوە وە مافی قەرەبوو کردنەوەی نابێت.

٢- وەرگرتنی کۆتایی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بەندە بە پێشکەشکردنی بڕوانامەی ڕەسەنی ئامادەیی یان پەیمانگە یان بڕیاری بەرابەرکردنی بڕوانامە لەلایەن قوتابی/خوێندکار کە پێی داوای وەرگرتن پێشکەش دەکات.

٣- ئەوانەی بڕوانامەکانیان لە دەرەوەی وڵات بە دەست هێناوە دەبێت پێش پێشکەشکردنی داواکاری وەرگرتن، بڕوانامەکانیان یەکسان کرابێت لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێم.

٤- ئەو قوتابی/خوێندکارانەی دەرەوەی وڵات کە داواکاری وەرگرتن پێشکەش بەو بەشانە دەکەن کە وانەی مفاضە لەیان هەیە، پێویستە لەگەڵ پێشکەشکردنی کردن نمرەی ئەو وانانە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە دیاری بکەن.

٥- بڕوانامەی دەرچوون لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بەهیچ قوتابی/خوێندکارێك نادرێت ئەگەر پێشتر ڕاستی و دروستی (صحه الصدور) بۆ بڕوانامە ئامادەییەکەی لە وەزارەتی پەروەردەی عێراقی فیدراڵ یان هەرێم بۆ نەکرابێت، کە پێویستە ئەم ڕاستاندنە بە نوسراوی نهێنی ئەنجامبدرێت.

٦- هیچ بڕوانامەیەکی ئامادەیی لە قوتابیان/خوێندکاران لە کاتی وەرگرتنیان وەرناگیرێت ئەگەر بڕوانامەکە بە فەرمی ئاڕاستەی ئەو زانکۆیە نەکرابێت کە لێی وەرگیراوە.

٧- دەرچووانی ئامادەیی شارەکانی دەرەوەی هەرێم کە دانیشتوی ناوەراست و باشوری عێراقن, دەبێت بڕوانامەکانیان لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی عێراقی فیدراڵ ڕاستاندنی بۆ بکرێت لە ڕێگەی وەزارەتەوە.

٨- هیچ قوتابی/خوێندکارێك پاش دەرچوونی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان دان بە بڕوانامەکەی نانرێت ، ئەگەر فەرمانی وەزاری وەرگرتن (القبول) و فەرمانی زانکۆیی دەرچوونی (التخرج) بۆ دەرنەچوو بێت بە پێ ی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان.

٩- بڕوانامەی بەنمرەی دەرچوونی قوتابی/خوێندکار پێویستە مۆری زانکۆ یان پەیمانگە و واژووی هەر یەك لە (فەرمانبەری ئامادەکار، بەرپرسی تۆماری زانکۆ، سەرۆکی بەش، ڕاگری کۆلێژ یان پەیمانگە، سەرۆکی زانکۆ) لەسەر بڕوانامەکە هەبێت، بەپێچەوانەوە پەسند ناکرێت.

١٠- پشتگیری دەرچوونی قوتابی/خوێندکار پێویستە مۆری زانکۆ یان پەیمانگە و واژووی هەر یەك لە (ڕاگری پەیمانگە، سەرۆکی زانکۆ) لەسەر بڕوانامەکە هەبێت، بەپێچەوانەوە پەسند ناکرێت.

١١- پەسندکردنی (پشتگیری دەرچوون، بروانامەی بەنمر، بروانامەی هەڵواسراو) لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی, لە ڕوانگەی مادەی (٢٥) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣) بە دانانی خانەیەك بۆ پەسەند کردنی وەزارەت.

١٢- هەر قوتابی/خوێندکارێك مافی وەرگرتنی یەك وێنە لە بڕوانامەی دەرچوونی بە نمرەی بە زمانەکانی (کوردی ، عەرەبی، ئینگلیزی) هەیە بەخۆرایی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان. پێویستە گشت نووسینەکانی سەر کلێشەی بڕوانامەکە بەو زمانە بێت کە دەرچووان داوای دەکەن، نەوەك لە هەمان کلێشەی بڕوانامەدا زمانی جیاجیا هەبێت، بەڵام لەکاتی داواکاردنی وێنەی دووەم یاخود زیاتر لەبروانامەی بەنمرە بە زمانەکانی (کوردی ، عەرەبی، ئینگلیزی) لەلایەن دەرچوانەوە، ئەوا زانکۆ یان پەیمانگە دەتوانی برێك پارە بۆ هەر بروانامەیەکی بەنمر وەربگرێت بەمەرجێك لە (١٥٠٠٠)دینار زیاتر نەبێت.

١٣- لەبەرامبەر وەرگرتنی بروانامەی دەرچوونی هەڵواسراو (جیداری) زانکۆ یان پەیمانگە نابێت هیچ برەپارەیەك لە دەرچوانی وەربگرێت.

١٤- لەکاتی پێدانی پشتگیری دەرچوون، هەر قوتابیان/خوێندکاران مافی وەرگرتنی پشتگیری دەرچوونی هەیە بە زمانەکانی (کوردی ، عەرەبی، ئینگلیزی) پێویستە گشت نووسینەکانی سەر کلێشەی بڕوانامەکە بەو زمانە بێت کە دەرچووان داوای دەکەن وە نابێت هیچ برەپارەیەك لە دەرچوانی وەربگرێت لەبەرامبەر داواکردنی وێنەی دووەم یاخود زیاتر.

١٥- لەکاتی پێدانی پشتگیری دەرچوون بە قوتابیان/خوێندکاران پێویستە شوێنی ئاراستە کردن بە روونی دیاری بکرێت.

١٦- لەکاتی پەسەندکردنی بڕوانامەی بەنمرە یان پشتگیری دەرچوون لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، پێویستە ئەم بەڵگەنامانەی لەگەڵدابێت (ئەو بڕوانامەیەی کە پێی لە زانکۆ و پەیمانگە وەرگیراوە، فەرمانی وەزاریی وەرگرتن و فەرمانی دەرچوون).

١٧- هەر کەسێك بڕوانامەی ساختە (مزور) پێشکەش بە زانکۆ بکات بۆ وەرگرتن، پاش ئاشکرابوونی لە هەر قۆناغێکی خوێندن بێت لە خوێندن دادەبرێنرێت وە ئەگەر دەرچوو بێت بڕوانامەکەی لێ وەردەگرێتەوە و بێ قەرەبووکردن خۆی توشی لێپرسینەوەی یاسایی دەکات و وێنەیەك لە بڕوانامە ساختەکەی دەدرێتە داواکاری گشتی, وە زانکۆی پەیوەندیدار بەدواداچوون لەسەر بابەتەکە بکات و گشتاندن بە بڕوانامە ساختەکەی دەکرێت بۆ سەرجەم وەزارەت ودەزگاو دامەزراوەو سەندیکاکانی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەیان لەم بابەتە.

١٨- ئەوانەی بڕوانامەی ئامادەیی لقی زانستی و وێژەیی لە ناوەراست و باشوری عێراق و دەرەوەی عێراق بەدەست دێنن هەمان ماف و ئیمتیازاتی دەرچووانی هەرێمی کوردستانیان دەبێت بۆ وەرگرتن لە زانکۆ تایبەتەکان.

**نۆیەم- کارە کارگێڕییەکان:**

١- مەرجە بۆ ئەوانەی فەرمانبەرن کە دەوامەکانیان هاوکاتە لەگەڵ دەوامی خوێندنیان مۆڵەتی خوێندن لە فەرمانگەی خۆی بهێنن, بە پێچەوانەوە لەکاتی دەرچوونیان لە زانکۆکەیان ئەگەر دەوامی فەرمانگەکەی هاوکات بوو لەگەڵ دەوامی زانکۆکەی ئەوا بڕوانامەکەی لەلایەن وەزارەتەوە پەسەند ناکرێت.

٢- بۆ هەر قوتابی/خوێندکارێك دۆسیەیەك دەکرێتەوە و دەبێت سەرجەم بەڵگەنامەکان لە خۆبگرێت، بەتایبەتی بڕوانامە و فەرمانی وەزاری و زانکۆیی وەرگرتن و تێکرای بەڵگەنامەکانی تری پێویست.

٣- پێویستە زانکۆ یان پەیمانگە داوای پشکنینی پزیشکی لە قوتابی/خوێندکار بکات بەم شێوەیەی کە لە زانکۆ حکومییەکان پەیڕەو دەکرێت.

٤- پێویستە زانکۆ و پەیمانگاکان هەموو دۆسییەکانی پەیوەست بە پرۆسەی خوێندنی هەبێت.

٥- نابێ قوتابی/خوێندکار دەست بەدەوامی فەرمی بکات تاکو ناوی لە سیستەمی وەرگرتنی ئەلکترۆنی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان ڕادەگەیەنرێت، هەر دەوامێکی بەدەر لەم شێوەیە بە نایاسایی لە قەڵەم دەدرێت.

٦- پێویستە زانکۆ و پەیمانگەکان سەرجەم یاسا و ڕێنماییەکانی تایبەت بە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لە تابلۆی ئاگادارییەکان وە سایتی تایبەت بە زانکۆ بڵاو بکرێتەوە.

٧- ڕێکارە کارگێڕییەکانی وەرگرتن بەڕیزبەند بەم شێوەیەی خوارەوە دەست پێ دەکات و ناکرێت ئەم ڕیزبەندیە ببەزێنرێت یان سەرپێچی لێبکرێت:

أ- پەسندکردنی پلانی وەرگرتن لەلایەن وەزارەت.

ب- پێشکەش کردنی داواکاری وەرگرتن لە ڕێگای (PS Line)

ج- ئەنجامدانی گرێبەست لە نێوان زانکۆ یان پەیمانگە لەگەڵ قوتابی/خوێندکار.

د- وەرگرتنی قستی یەکەم لە کرێی خوێندن.

هـ- دەرکردنی فەرمانی وەزاری بە وەرگرتنی کۆتایی قوتابیان/خوێندکاران

و- دەرچوونی فەرمانی زانکۆیی (فەرمانی کارگێری) بە وەرگرتنی قوتابیان/خوێندکاران.

٨- پێویستە زانکۆ یان پەیمانگە مۆری تایبەتی خۆی هەبێت لە سەر هەموو بەڵگەنامەکانی دەرچوو و گرێبەست لەگەڵ قوتابی/خوێندکار واژۆ و مۆرکراو بێت.

٩- زانکۆکان دەتوانن سوود لە ڕێنمایی تاقیکردنەوە و ڕێکاری قوتابیان/خوێندکاران ژمارە (١) و (٢) وەربگرن, کە هاوپێچە بەلەبەرچاوگرتنی سیستمی خوێندن و تایبەتمەندی هەر زانکۆیەکی تایبەت.

١٠- زانکۆ تایبەتەکان پابەند دەبن بە سەرجەم خاڵەکانی ڕێنماییەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری و زانستخوازی بەردەوام تەندروستی و سەلامەتی.

١١- لەسەر زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان پێویستە زۆر بە ووردی یاسا و ڕێنماییەکان جێبەجێ بکەن وە بەهیچ شێوەیەك هەڵاوێرکردن (إستثناء) و بەزاندنی یاسا و ڕێنماییەکان بەهەر پاساوێك بێت ڕێگەی پێ نادرێت.

١٢- لەکاتی بوونی دووانە (التوأمە) لە نێوان زانکۆیەکی خۆماڵی و زانکۆیەکی دەرەوە ڕەچاوی ڕەزامەندی و ئەو مەرجانە دەکرێت، کە لە لایەن وەزارەتەوە دەخرێتە سەر زانکۆکە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن.

١٣- فۆرمی گرێبەستی ساڵانەی نێوان قوتابی/خوێندکار و زانکۆ دەنێردرێت بۆ وەزارەت بەمەبەستی یەکخستنی و پەسەندکردنی دواتر کارپێکردنی.

١٤- بۆ هەر حاڵەتێکی تر کە لە بڕگەکانی سەرەوە دا نەهاتووە، یا باس نەکراوە، ڕەچاوی مەرج و ڕێنماییەکانی زانکۆ حکومییەکان دەکرێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی خوێندن لە هەر زانکۆیەکی تایبەت.

١٥- پێویست زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لەگەڵ دەستپێکردنی هەر کۆرسێکی خوێندن ئاماری قوتابیان / خوێندکاران و ستافی وانەبێژان و کارمەندان بنێرن بۆ هۆبەی ئاماری زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لە وەزارەتمان.

١٦- گۆڕینی دەوامی قوتابیان / خوێندکاران لە نێوان دەوامی خوێندنی (ئێواران – بەیانیان) لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بەهیچ شێوەیەك ڕێگەپێدراو نییە تەنها بەشێوەی میوانداری (استضافة) دەبێت وە بڕوانامەکەی بە دەوامی خوێندنی پێشووی خۆی پێدەدرێت.

**دەیەم- ڕێنماییە داراییەکان:**

١- هەر لێخۆشبونێك لە کرێی خوێندنی قوتابی/خوێندکار پێویستە ڕەزامەندی وەزارەتی پێ وەرگیرابێت.

٢- ساڵانە پێداچونەوەی نرخەکانی خوێندن لەسەرجەم زانکۆ تایبەتەکان دەکرێت پاڵپشت بەبڕگەی (٦) لە مادەی (١٢) ی یاسای ژمارە (٢) ساڵی (٢٠١٣) .

٣- وەرگرتنی پارەی ساڵانەی کرێی خوێندنی قوتابی/خوێندکار بە گرێبەست دیاری بکرێت پاش ڕەزامەندی وەزارەت لەسەر کرێیەکە.

٤- سزادانی قوتابی/خوێندکار بە پارە بەهۆی دواکەوتنی قستی پارەی خوێندن ڕێگەی پێنەدراوە و زانکۆ دەتوانێ قوتابی/خوێندکاری قەرزدار ئاگادار بکاتەوە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو قیستەکە بدات، ئەگەر لەو ماوەیە پارەکەی نەدا ئەوا لە خوێندن بێ بەشی دەکات.

٥- بۆ زانکۆ یان پەیمانگە نییە پارە لە قوتابی/خوێندکاری قوناغی یەکەم وەربگرێت تا ناوی لە سیستەمی ئەلکترۆنی (PS Line) ڕادەگریەندرێت و گرێبەستی لەگەل واژوو دەکرێت.

٦- کردنەوەی خولی بە پارە لە ناو زانکۆ ڕێگە پێنەدراوە, جگە لە خوێندنی بەرایی (التمهيدي) و کردنەوەی خولی زمانەوانی, کۆمپیوتەر, بەمەرجێك پێش وەخت ڕەزامەندی وەزارەتی لەسەر وەرگیرابێت و ڕێگەی پێ درابێت. ئەم خولانە دەبێ بۆ خودی قوتابیان/خوێندکارانی زانکۆکە بێت.

٧- نابێت نرخی (User & Password) لەبەرامبەر فرۆشتنی فۆڕم لە (٢٠٠٠) دوو هەزار دیناری عێراقی زیاتر بێت بەمەبەستی پێشکەش کردنی وەرگرتن لە سیستەمی ئەلکترۆنی (PS Line)، وە بە وەسڵی فەرمی ئەو پارەیە لە قوتابی/خوێندکار وەربگیرێت.

٨- داواکاری بۆ سکالاّ و دواخستنی خوێندن دەبێ بێ بەرامبەر بێت.

٩- پارەی تانەدان (اعتراض) بۆ پێداچونەوە بە نمرەی تاقیکردنەوەکان نابێت لە (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار تێپەڕێت بۆ هەر وانەیەك.

١٠- وەرگرتنی پارە لە قوتابی/خوێندکار بۆ دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەی وەرزی وکۆتایی سالاّ ڕێگە پێنەدراوە.

١١- وەرگرتنی پارە لە قوتابی/خوێندکار بەرامبەر ئاڕاستەکردنی نووسراو بۆ هەر شوێنێکی تری دەرەوەی زانکۆ ڕێگە پێنەدراوە.

١٢- کرێی خوێندن بریتی دەبێت لە پێشکەشکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی پرۆسەی خوێندن و سەرجەم ئەو خزمەتگوزاریانەی کە لە کاتی پرۆسەکە پێشکەش بە قوتابی/خوێندکار دەکرێت، بۆ ئەوەی پرۆسەکە سەرکەوتوو بێت و دلّنیایی جۆری تیایدا بەرجەستە بکرێت، بۆیە ڕێگە نادرێت جگە لە پارەی خوێندن، هیچ پارەیەکی تر لە قوتابی/خوێندکار وەربگیرێت وەك پارەی ئینتەرنێت و ویب سایت، یاخود دابینکردنی کەلوپەل بۆ تاقیگە پزیشکیەکان و تاقیگەی پسپۆڕیەکانی تر و پێدانی شوێنی وەستانی ئوتومۆبێل، یاخود ناسنامەی زانکۆ.

١٣- زانکۆ و پەیمانگە بۆی هەیە لەکاتی دواخستنی سالّی خوێندنی قوتابی/خوێندکار بەهەر هۆیەك بێت بڕە پارەیەك لە قوتابی/خوێندکار وەربگرێت بەمەرجێك لە (٣٠%)ی کرێی خوێندنی سالاّنەی تێپەڕ نەکات، وە بۆ سالّی داهاتوو لە کاتی گەرانەوەی قوتابی / خوێندکار نابێت وەرگرتنی کرێی خوێندنی لە (٧٠%) تێپەر بکات.

١٤- ئەگەر لە خانەوادەیەك دوو قوتابی / خوێندکار یان زیاتر هەبێت بەمەرجێك ناویان لەسەر یەك پسولەی خوراك هەبێت لەیەك کاتدا پێکەوە لە زانکۆ یان پەیمانگەیەکی تایبەت دا هەبێت ئەوا قوتابی / خوێندکاری یەکەم تەواو کرێی خوێندن دەدات وە قوتابی/ خوێندکاری دووەم نیوە کرێی خوێندن دەدات. ئەگەر بوون بە سێ قوتابی/خوێندکار ئەوا دوو قوتابی/خوێندکاریان پارەی تەواو کرێی خوێندن دەدەن وە قوتابی/خوێندکاری سێیەم خوێندنەکەی بەخۆرایی دەبێت، ژمارەیان لە چوار یان زیاتر بێت بەهەمان شێوە تەنها یەك قوتابی/خوێندکاری خوێندنەکەی بە خۆرایی دەبێت. ئەگەر قوتابی/خوێندکارێك دابرانی بۆ کرا بەهەر هۆیەك بێت ئەوا بەهەمان شێوەی ژمارەی قوتابی/خوێندکاری ماوە پاش دابراندن وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردوە مامەلەیان لەگەل دەکرێت.

١٥- پێویستە سالاّنە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان پاکانەی باجی دەرامەت بەپێی ڕێنماییە داراییەکان پەیڕەو بکات.

١٦- زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان پێویستە پابەند بن بە جێ بەجێ کردنی گشت بڕگەکانی ڕێنمایی ژمارە (٢) سالّی ٢٠١٦ کە تایبەتە بە وەرگرتنی رسومات لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان لەلایەن وەزارەتەوە.

١٧- زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان پێویستە پابەندبن بە جێ بەجێ كردنی گشت خاڵەكانی فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٧٩٧٣) لە (٢٠١٦/٥/٢٤) كە تایبەتە بە سزای پێبژاردن (غرامە) لەبەرامبەر هەر سەرپێچیەك لە جێ بەجێ نەكردنی یاسا و رێنماییەكانی وەزارەتمان.

١٨- ئەگەر ئەو قوتابی/خوێندكارانەی كەوتوو (راسب)بن ئەوا كرێی خوێندنیان بەم رێژانەی كە لە خشتەی خوارەوە ئاماژەی پێكراوە لێیان وەردەگیرێت:

| ژ | ژمارەی وانەی كەوتن لە سیستەمی ساڵانە | ژمارەی وانەی كەوتن لە سیستەمی وەرزی | رێژەی وەرگرتنی كرێی خوێندن |
|---|---|---|---|
| ١ | دوو وانە | سێ وانە | %٣٠ |
| ٢ | سێ وانە | چوار وانە | %٤٥ |
| ٣ | چوار وانە | پێنج وانە | %٦٠ |
| ٤ | پێنج وانە و زیاتر | شەش وانە و زیاتر | %١٠٠ |

**پانزەهەم:** رێنماییەكانی گواستنەوەی خوێندنی قوتابیان/ خوێندكاران پێوەرە گشتییەكانی گواستنەوە:

١- لەبەر ئەوەی قوتابیان/ خوێندكاران بەخواستی خۆیان دەستنیشانی زانكۆ یان پەیمانگا دەكەن كە دەیانەوێت لێی بخوێنن، بۆیە گواستنەوەی قوتابیان/ خوێندكاران لە نێوان زانكۆ تایبەتەكانی هەرێم سنوردار دەبێت .

٢- مەرجە ڕەزامەندی هەردوو زانكۆ بەدەست بێنێت بۆ گواستنەوە.

٣- گواستنەوە لە (٧/١) دەست پێ دەكات تا (٩/٣٠) .

٤- گواستنەوە تەنها دوای قۆناغی یەكەم دەبێت.

٥- میوانداری لە زانكۆ تایبەتەكان ڕێگە پێنەدراوە بۆ قوتابیان/ خوێندكارانی ناوەوە و دەرەوەی عێراق .

٦- گواستنەوە و میوانداری لە زانكۆ تایبەتەكان بۆ زانكۆ حكومیەكان رێگە پێنەدراوە.

٧- قوتابی/خوێندكار بۆی هەیە خوێندنەكەی لە زانكۆ تایبەتەكانی هەرێم بگوازرێتەوە بۆ زانكۆ تایبەتەكانی دەرەوەی هەرێم و عێراق لەهەمان پسپۆڕی خۆی بەمەرجێك ئەو زانكۆیەی بۆی دەچێ باوەڕپێكراو بێت.

٨- پێویستە كۆنمرەی ئامادەیی قوتابی/خوێندكار هەمان كۆنمرەی وەرگیراو بێت لە زانكۆ تایبەتەكانی هەرێمی كوردستان لە ساڵی وەرگرتنی.

٩- تەنها گواستنەوە بۆ بەشی هاوشێوە دەكرێت.

١٠- دابەزین لە بەشێكەوە بۆ بەشێكی دیكە لە زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان رێگەپێنەدراوە، ئەگەر قوتابی/خوێندكار ویستی بەشەكەی بگۆڕێت پێویستە هەڵوەشاندنەوەی وەرگرتنی لەو بەشەی وەرگیراوە بۆ بكرێت و بەپێی مەرج و رێنماییەكانی وەرگرتن بچێتەوە پێشبركێی وەرگرتن لەو بەشەی دەیەوێت بخوێنێت بە مەرجێك لە فۆرمی پێشكەشكردن ئاماژەی پێكردبێت.

أ- گواستنەوە لە نێوان زانكۆ تایبەتەكانی هەمان پارێزگا لە هەرێم:-

گواستنەوەی قوتابی/ خوێندکار لە زانکۆکانی هەمان پارێزگا ناکرێت، تەنها بۆ ئەم حاڵەتانەی خوارەوە ڕێگەپێدراوە:-

١- نەمانی یاخوود هەڵپەساردنی وەرگرتن لە بەشەکەی یان زانکۆ یاخود پەیمانگەکەی .

٢- بڕیاری لیژنەی بەرزەفتکردن بە گواستنەوەی قوتابی/خوێندکار لە کاتی سەرپێچیکردنی بەهەر هۆیەك .

٣- گواستنەوەی قوتابی/خوێندکار لە زانکۆ حکومییەکان بۆ زانکۆ تایبەتەکان ئاساییە بەڕەچاوکردنی کۆنمرەکەی کە دەبێت هاوتابێت لەگەڵ ئەو کۆنمرەیەی کە لەساڵی وەرگرتنی لە پسپۆڕییەکەی وەرگیراوە وە نوسراوی لاری نەبوونی هەردوو زانکۆ و ئەنجامدانی پێوانەی زانستی (المقاصة العلمية) بکات.

ب- گواستنەوەی قوتابی/خوێندکار لە نێوان زانکۆ تایبەتەکانی شارە جیاجیاکانی هەرێم لەم حاڵەتانەی خوارەوە دەکرێت :-

١- گواستنەوەی خانەوادەی قوتابی/خوێندکار بۆ پارێزگایەکی تری هەرێم بە پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی فەرمی.

٢- گواستنەوەی شوێنی کاری قوتابی/خوێندکار ئەگەر فەرمانبەر بوو، یان بەخێوکاری (ولى أمر) ئەگەر فەرمانبەر بوو بە پێشکەشکردنی بەڵگە.

٣- هاوسەرگیریکردنی قوتابی / خوێندکار لە پارێزگایەکی تر .

٤- وەفاتی بەخێوکاری (ولى أمر) قوتابی / خوێندکار.

٥- نەخۆشی درێژ خایەن بە پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی پزیشکی پەسەندکراو .

ج: گواستنەوەی قوتابیان/خوێندکاران لە زانکۆکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق بۆ زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان:

١- گواستنەوە لەسەرووی قۆناغی یەکەم دەبێت .

٢- هەمان مەرج و ڕێنماییەکانی وەرگرتنی قوتابیان/خوێندکارانی هەرێمی کوردستان لەسەر دەرچووانی ناوەڕاست و باشووری عێراق جێبەجێ دەکرێت لە ڕووی کۆنمرە، جگە لەو (٢١) نمرەیەی کە دەبەخشرێت بۆ قوتابیان/خوێندکارانی هەرێم کە دەرچووی ساڵی یەکەم و خولی یەکەم، لەگەڵ ئەو (٧) نمرەیەی کە دەدرێت بە دەرچووانی ساڵی یەکەم خولی دووەم بۆ دەرچووانی ساڵی تازەی خوێندن.

٣- پێویستە ئەو زانکۆیەی کە قوتابی /خوێندکار لێی دەخوێنێ باوەڕپێکراو بێت .

٤- پێویستە کۆنمرەی هاوتا بێت لەگەڵ ئەو کۆنمرەیەی کە قوتابیانی هەرێم پێی وەرگیراون لە ساڵی وەرگرتنیدا.

٥- پێوانەی زانستی (المقاصة العلمية)یەی بۆ بکرێت بە پێی ڕێنماییەکان .

٦- لاری نەبوونی گواستنەوەی هەردوو زانکۆ بەدەست بێنێت.

د: گواستنەوەی خوێندنی قوتابیان/خوێندکارانی دەرەوەی وڵات بۆ زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم:

١- گواستنەوە لەسەروی قۆناغی یەکەم دەبێت .

٢- هەمان مەرج و ڕێنماییەكانی وەرگرتنی قوتابیان/خوێندكارانی هەرێمی لەسەر جێبەجێ دەكرێت لە رووی كۆنمرە، جگە لەو (٢١) نمرەیەی كە دەبەخشرێت بۆ قوتابیان/خوێندكارانی هەرێم كە دەرچووی ساڵی یەكەمن و خولی یەكەم، لەگەڵ ئەو (٧) نمرەیەی كە دەدرێت بە دەرچووانی ساڵی یەكەم و خولی دووەم .

٣- پێویستە ئەو زانكۆیەی كە قوتابی /خوێندكار لێی دەخوێنێ باوەڕپێكراو بێت و ناوی لە لیستی زانكۆ باوەڕپێكراوەكانی ڕێكخراوی یونسكۆ هەبێت.

٤- پێویستە كۆنمرەی هاوتا بێت لەگەڵ ئەو كۆنمرەیەی كە قوتابیانی هەرێم پێی وەرگیراون لە ساڵی وەرگرتنی ئەگەر دەرچووی ئامادەییەكانی هەرێم و عێراق نەبێت.

٥- پێوانەی زانستی بۆ بكرێت بە پێی ڕێنماییەكان .

٦- لارینەبوونی گواستنەوەی هەردوو زانكۆ بەدەست بێنێت، لارینەبوونەكە و نمرەكانی كۆرسەكان لە باڵوێزخانەی عێراق و وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەی كە لێی دەخوێنێت پەسەند كرابێت .

٧- بۆ هەموو بڕگەكانی گواستنەوە لەناوەوە و دەرەوەی عێراق و هەرێم پێویستە ڕەچاوی ڕێنماییەكانی (المقاصة والتحميل) بكرێت كە لە زانكۆ حكومیەكانی هەرێمی كوردستان پەیڕەو دەكرێت.

**دوانزەهەم: میكانیزمی وەرگرتن لە زانكۆ و پەیمانگەكان .**

**أ- پلانی وەرگرتن لە زانكۆ و پەیمانگەكان**

| ژ | بۆ وەرگرتن لە | پلانی وەرگرتن |
|---|---|---|
| ١ | بەشی پزیشكی ددان | ٥٠ |
| ٢ | بەشی ئەندازیاری تەلارسازی | ٥٠ |
| ٣ | كۆمەڵەی بەشە ئەندازەییەكان جگە لە تەلارسازی | ٧٥ |
| ٤ | كۆمەڵەی بەشە زانستییەكان | ٨٠ |
| ٥ | بەشی یاسا | ١٠٠ |
| ٦ | كۆمەڵەی بەشەكانی رامیاری و پەیوەندییەكان | ١٢٠ |
| ٧ | كۆمەڵەی بەشە زمانەوانییەكان | ٩٠ |
| ٨ | كۆمەڵەی بەشە پەروەردەیی | ١٢٠ |
| ٩ | كۆمەڵەی بەشە هونەرییەكان | ٩٠ |
| ١٠ | كۆمەڵەی بەشە كارگێریی و ئابوورییەكان | ١٤٠ |
| ١١ | كۆمەڵەی بەشە كارگێرییەكانی پەیمانگە | ١٧٠ |
| ١٢ | كۆمەڵەی بەشە تەكنییەكانی پەیمانگە | ١٠٠ |
| ١٣ | كۆمەڵەی بەشە پزیشكییەكانی پەیمانگە | ١٠٠ |

**تێبینی:**

مەرج نییە گشت زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان تەواوی ڕێژەی پلانی وەرگرتنیان پێبدرێت، بەڵكو دەكەوێتە سەر ڕێژەی پابەندبوونیان بە بنەماكانی دڵنیایی جۆری و ئامادەیی ستافی وانەبێژی و تاقیگەو ژینگەی زانكۆ و پەیمانگاو پێداویستەكانی.

**ب- ڕێژەی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکان.**

| ژ | هەلگرانی بڕوانامە | ڕێژەی وەرگرتن لە کۆی پلانی وەرگرتن | ئەم ساڵ | ساڵانی پێشوو |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دەرچووانی ئامادەیی | %٨٠ | %٩٠ | %١٠ |
| ٢ | دەرچووانی لقە پیشەییەکان | %٥ | %٩٠ | %١٠ |
| ٣ | دەرچووانی پەیمانگەی پێنچ ساڵەی سەر بە وەزارەتی پەروەردە | %٥ | %٩٠ | %١٠ |
| ٤ | دەرچووانی پەیمانگەی تەکنیکی دوو ساڵە | %١٠ | %٩٠ | %١٠ |

**تێبینی:**

**١- ئەو بەشانەی تەنها دەرچووانی ئامادەیی تێدا وەرەگیرێت ئەوا کۆی پلانی وەرگرتن دابەش دەکرێت بە ڕێژەی (٩٠٪) بۆ دەرچووانی ئەمساڵ و (١٠٪) بۆ دەرچووانی ساڵانی پێشوو.**

**٢- ئەگەر لەو بەشانەی کە ڕێژەی وەرگرتنی لقە پیشەیی و پەیمانگە پێنج ساڵی و پەیمانگە تەکنییکەکان پڕنابێتەوە، ئەوا بە دەرچووانی ئامادەیی پڕ دەکرێتەوە. وە بەپێچەوانەوە ئەگەر ڕێژەی وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەیی پڕنەبۆوە ئەوا دەکرێت بە دەرچووانی لقە پیشەیی و پەیمانگە پێنج ساڵی و پەیمانگە تەکنییکەکان پڕبکرێتەوە بە مەرجێك گشت ڕێنماییەکانی وەرگرتنیان لەسەر بەرجەستەبێت.**

**سێنزەهەم: وانە هاوپەیوەندیدارەکان:**

**ئەگەر هاتوو ژمارەی ئەو قوتابیانەی/خوێندکارانەی، کە کەمترین کۆنمرەکانیان یەکسانە، زیاتر بوو لەو ژمارەیەی بڕیارە وەربگیرێن لە بەشێکی دیاریکراودابەپێی پلانی وەرگرتن، ئەوا ناوەکان بەپێی وانە هاوپەیوەندیدارەکان دەچنە خانەی پێشبڕکێوە، هەروەکو لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:**

| بەش | وانە هاوپەیوەندیدارەکان |
|---|---|
| پزیشکی ددان | کیمیا / فیزیا / زیندەوەرزانی |
| بەشە ئەندازیارییەکان | کیمیا / فیزیا / بیرکاری/ زیندەوەرزانی |
| بەشە زانستییەکانی هەردوو کۆلیژی زانست و پەروەردە | کیمیا / زیندەوەرزانی / فیزیا / بیرکاری |
| هەموو بەشەکانی دیکە | بەپێ ی پسپۆری |

**چواردەهەم: وەرگرتنی یەکەمەکانی قۆناغی یەکەم لە پەیمانگە تەکنیکییەکان لە بەشی هاوشێوەی زانکۆ تایبەتەکان:**

**١- دەرچووانی پلەی یەکەم لە قۆناغی یەکەم لەسەر ئاستی بەش لە پەیمانگە تەکنیکییە تایبەتەکان (دوو ساڵە) (جگەلە پسپۆرییە پزیشکی و ئەندازەییەکان) دوای بەدەستهێنانی لاری نەبوونی زانکۆیەکی تایبەت و وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت، مافی درێژەدان بە خوێندن لە قۆناغی یەکەم لە بەشی هاوشێوەی پسپۆرییەکەی دەبێت لە زانکۆ تایبەتەکان.**

٢- تێکڕای کۆنمرەی یەکەمی بەش لە قۆناغی یەکەم پێویستە لە (زۆر باشە) کەمتر نەبێت بۆ وەرگرتن لە قۆناغی یەکەم لە بەشی هاوشێوە لە زانکۆ تایبەتەکان.

٣- زانکۆ تایبەتەکان دوای پێدانی لاری نەبوون بە وەرگرتنی ئەو قوتابی/خوێندکارە و وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت، نووسراو بۆ پەیمانگە دەکات بۆ ناردنی وێنەیەك لەبڕوانامەی بەنمرەی ڕەسەنی قوتابی/خوێندکارەکە دەکات.

٤- لەکاتی وەرگرتنی یەکەمی ئاستی بەش لە پەیمانگەکان لە بەشی هاوشێوە لە زانکۆ تایبەتەکان، ئەوا قوتابی/خوێدکاری سوودمەند لە کرێی خوێندنی ساڵی دووەمی پەیمانگە دەبەخشرێت.

**پانزەهەم:** قوتابی/خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت.

أ- قوتابی/خوێندکاری نابینا کە مەرجەکانی وەرگرتنی هەبێت بۆی هەیە داواکاری وەرگرتن ڕاستەوخۆ پێشکەش بکات بە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بۆ وەرگرتن لەیەکێك لە کۆلێژە مرۆڤایەتییەکان.

ب- قوتابی/خوێندکاری خاوەن پێداویستیی تایبەت ئەگەر لە بەشێك وەرگیرا و جەستەی شیاو نەبوو بۆ ئەو جۆرە خوێندنە، ئەوا زانکۆ یان پەیمانگە تایبەتەکان دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی تایبەت و لەبەرچاوگرتنی ئارەزووی قوتابی/خوێندکارەکە بۆی هەیە بیگوازێتەوە بۆ خوێندنێکی شیاوتر بە مەرجێك کۆنمرەکەی لەو بەشەدا وەرگیرابێت و کورسی خوێندنی بەتاڵی مابێت.

ج- ڕەچاوی شوێنی خوێندن و هۆل وتاقیگە بۆ خاوەن پێداویستەکان بکرێت .

**شانزەهەم:** پەیوەندیکردن و ناڕەزایی

١- ئەو قوتابی/خوێندکارەی ناوی لە هەر زانکۆیەك یان پەیمانگەیەك دەردەچێت پێویستە لە ماوەی (٣) ڕۆژ پاش ڕاگەیاندنی ناوی وەرگیراوان پەیوەندی بە شوێنەکەی خۆی بکات، بە پێچەوانەوە هەڵوەشاندنەوەی پاڵاوتنی بۆ دەکرێت.

٢- هەر قوتابی/خوێندکارێك بەپێی ڕیزبەندی هەڵبژاردنەکانی خۆی بەپێی ڕێنماییەکانی وەرگرتن لەو بەشەی وەردەگیرێت ئەوا بەهیچ شێوەیەك مافی ناڕەزایی نابێت و خۆی بەرپرسیارە دەبێت لە هەڵەی پڕکردنەوە.

٣- لەکاتی بوونی هەر کێشە و حاڵەتی سکاڵای قوتابیان/خوێندکاران، پێویستە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بەدواداچوونی تەواو ئەنجام بدات پێش ئەوەی بۆ وەزارەتمان بەرزبکاتەوە.

**حەڤدەهەم:** پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی ئەزموون و ڕێکاری قوتابییان/خوێندکاران

١- قوتابیان/خوێندکاران دەبێت پابەندبن بەدەوام بەپێی ڕێنماییەکانی ئەزمونەکان و ڕێکاری قوتابییان/خوێندکاران کە بەنوسراومان ژمارە (٢٢١٣٠/٥) لە ٢٠٠٩/١٢/١٤ گشتاندنی بۆ کراوە بۆ هەموو زانکۆ و حکومی و تایبەتەکان، بۆ دڵنیابوون لە دەوام و تاقیکردنەوەکان لە لایەن تیمی پشکنینی تایبەت بە دواداچوون دەکرێت.

٢- پێویستە قوتابی/خوێندکار دوای وەرگرتنی کۆتایی لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان پابەندی دەوام بێت و خۆی تەرخان بکات بۆ خوێندن و بەپێی خشتەی وانەکان لە هۆڵەکانی خوێندن ئامادەبێت.

٣- قوتابی/ خوێندکار ئەگەر ڕێژەی ئامادەنەبوونی لەگشت وانەکان گەیشتە (١٠٪) بەبێ بیانووی ڕێپێدراو (عذر مشروع) تێپەڕی دەبێت ئەم ساڵەی خوێندنی بەکەوتوو بۆ هەژمار بکرێت وە هەروەها ئەگەر قوتابی/ خوێندکارێك لە بابەتێك ڕێژەی (١٠٪) تێپەراند دەتوانرێت تەنها لەو بابەتە بەکەوتوو ئەژمار بکرێت ئەگەر ڕێژەی کۆی گشتی ئامادەنەبوو نەگەیشتبوە(١٠٪).

٤- ئەگەر قوتابی/خوێندکار ڕێژەی ئامادەنەبوونی لەکاتی بوونی بیانووی ڕێپێدراو (عذر مشروع) کە بریتیە لە (کۆچی دوای کەسانی نزیك وەکو دایك و باوك و خوشك و برا و هاوسەر و منداڵ یان نەخۆیشی کە دەبێت بە ڕاپۆرتی پزیشکی بسەلمێندرێت) لە (١٥٪) تێپەڕی ئەوا پێویستە لەلایەن زانکۆوە دابڕاندنی لە خوێندن بۆ بکرێت.

٥- دەرفەت بدرێت بەو قوتابی/خوێندکارانەی کە لە کاتی خوێندن بەبەهۆی کارەساتێك بەند دەکرێت بە پێی یاسای سزادانی عێراقی بەمەرجێك ئەم قوتابیە ڕێژەی (١٥٪) ئامادەنەبووی تێنەپەڕاندبێت لە کاتی دەستگیرکردنیدا.

**هەژدەهەم:** لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە کار بەهیچ ڕێنماییەکی تری وەرگرتنی پێشووتر ناکرێت.

**د. یوسف گۆران**
**وەزیری خویندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی**

**ژمارە: ٢٥٩٤ لە ٢٠١٧/٨/٦**

## ڕێنمایی ژمارە( ١ )ی ساڵی ٢٠١٧

## بۆمۆڵەتی هاوردن و هەناردن و ناسنامەی بازرگانی

پاڵپشت بە برگەی دووەم ولە ماددەی شەشەم یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٠) ئەم ڕێنمایانەی خوارەوەمان دەرکرد:-

**ماددەی ( ١ ):-**

لایەنی دەسەڵاتدار بە پێدانی مۆڵەتی هاوردن و هەناردن و ناسنامەی بازرگانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی /بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی / بەریوەبەرایەتی پێشانگاکان و خزمەتگوزاریە بازرگانیەکان دوای بەرجەستەبوونی پێداویستیەکان.

**ماددەی ( ٢ ):-**

مەبەست لە ڕێکخستنی پرۆسەی پێدانی مۆڵەتی هاوردن و هەناردن و ناسنامەی بازرگانی بریتیە لە:-

**بڕگەی یەکەم:** پێشکەش کردن و هەڵسەنگاندنی زانیاریەکان بە داتا و ژمارەی باوەرپێکراو.

**بڕگەی دووەم:** دیاریکردنی ئەوکالآیانەی کە ڕێگە پێدراوە بە هاوردەکردنیان یان هەناردەکردنیان بەپێی ڕێنمایەکانی پشکنینی کالآکان.

**بڕگەی سێیەم:** ڕێگە گرتن لە هاوردن و هەناردنی کالآی ڕێگە پێنەدراو لە خاڵە سنووریەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**بڕگەی چوارەم:** وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان تایبەت بەو کالآیانەی کە پێویستی بەڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار هەیە (الجهة القطاعية).

**بڕگەی پێنجەم:** هاوسەنگ کردنی بەرهەمی ناوخۆ و پیشەسازی خۆماڵی لەگەڵ کالآی هاوردەکراو (موازنة الانتاج الوطني مع البضائع المستوردة).

**بڕگەی شەشەم:**زیادکردنی داهاتی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و گەیاندنی بەئاستی خۆ بژێوی (التمويل الذاتي).

**ماددەی سێیەم:** بەڵگەنامە پێویستەکان بۆ پێدانی ناسنامەی بازرگانی:

بەپێی ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە بازرگان ( هاوردەکار یان هەناردەکار )(المستورد او المصدر) تۆمار دەکرێت :-

**بڕگەی یەکەم:** فۆرمی داواکاری پێدانی ناسنامەی بازرگانی لەگەڵ یەك پولی (١٠٠٠) هەزار دیناری

**بڕگەی دووەم:** پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆمپانیاکان و کۆنووسی دامەزراندنی کۆمپانیاو گشت بەراییەکان وێنەی پەسەندکراو (مصدق) لەگەڵ پاکانەی باجی دەرامەتی کۆمپانیاکان (ساڵانە) ئەمەش جگە لە پێداویستی تایبەت بە بەڕێوەبەری ڕیگەپێدراوی کۆمپانیا.یان پشتگیری ب. گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی بۆ هاوردەکردنی کەرستەی خاو و ئامێری بەرهەمهێنان .

**بڕگەی سێیەم:** کۆپی پاسپۆرت و کارتی نیشینگە (الاقامة) بۆ بیانیەکان ( الاجانب )
**بڕگەی چوارەم:** کارتی نیشینگە ( الاقامة ) بۆ ئەوانەی کە دانیشتووی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن
**بڕگەی پێنجەم:** ئامادەبوونی بەرێوەبەری ڕێگاپێدراوی کۆمپانیا یان بریکاری گشتی (وکیل عام) لەگەڵ وێنەی پەسەندکراوی بریکارنامەی .
**بڕگەی شەشەم:** نویٚ کردنەوەی ناسنامەی بازرگان (سالآنە دەبێت) دوای هێنانی گشت پێداویستیەکان
**بڕگەی حەوتەم:**وەرگرتنی بڕی (٧٥٠٠٠) حەفتا و پێنج هەزار دینار سالآنە وەك رسمی پێدانی ناسنامە.
**ماددەی (٤):-**
مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی هاوردن و هەناردن.
**بڕگەی یەکەم:** ناسنامەی بازرگانی تازەکراو.
**بڕگەی دووەم:** پێشکەشکردنی داواکاری لەسەر کلێشەی کۆمپانیا لەگەڵ یەك پولی (١٠٠٠)هەزار دیناری.
**بڕگەی سێیەم :** وەرگرتنی بڕی (١٠٥٠٠٠) سەدو پێنج هەزار دینار وەك ڕەسمی خزمەت تگوزاری (اجور خدمات) کە ڕێژەی ٧٥٪ دەبێتە ئیرادی کۆتایی بۆ خەزینەی وەزارەتی دارایی ٢٥٪ دەبێتە پاداشت بۆ فەرمانبەرانی وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی و کڕینی پێداویستی لۆجیستی بە پێی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی هەرێم.
**بڕگەی چوارەم:** دیاریکردنی بڕی (الكمية) ئەو کالآیانەی کە بازرگان دەیەوێت هاوردە یان هەناردەی بکات بۆ هەر جۆرێك لەگەڵ گوژمەی خەملێندارو و ئەو سنوورەی کە دەیەوێت پێیدابهێنێتە ناو هەرێم
**بڕگەی پێنجەم:** بۆ هەر (١٠٠٠) هەزار تەن لە کالآ پێویستە مۆڵەتێکی هەبێت ، واتا نابێت هیچ مۆڵەتێك زیاتر بێت لە (١٠٠٠) هەزار تەن
**بڕگەی شەشەم:** ئەو کالآیانەی کە بە کارتوون هەژمار دەکرێت بۆ نموونە ( جگەرە ، خواردنەوە گازیەکان و کحولیەکان .،هێلکە ...هتد) پێویستەبڕی هەر مۆڵەتێك لە (٣٠٠٠) سێ هەزار کارتوون زیاتر نەبێت .
**بڕگەی حەوتەم:** ئەگەر هەر کۆمپانیایەك نەیتوانی لە ماوەی دیاری کراو . مۆڵەتەکە جیٚ بە جیٚ بکات ، مافی وەرگرتنەوەی پارەی ڕەسمی خزمەتگوزاری نابێت
**بڕگەی هەشتەم:** ڕێگەدان بە هاوردن و هەناردن و دووبارە هەناردنە دەرەوەی هەموو کالآیەك ، جگە لەو کالآیانەی کە بازرگانی کردنیان ڕێگە پێنەدراوە.
**بڕگەی نۆیەم:** ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی و پشتگیری کردن لە بەرهەمی ناوخۆ لە کاتی پێدانی مۆڵەتی بازرگانی
**بڕگەی دەیەم:** ماوەکانی کارپێکردنی مۆڵەتی هاوردن
أ- بەرهەمی کشتوکاڵی و خۆراکی وەزری ( المنتوجات الزراعية والغذائية الموسمية ) لە لایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو وەك ( الجهة القطاعية ) دیاری دەکرێت بە پێی وەرز (الرزنامة الزراعية ) .

ب- ماوەی كارپێكردنی مۆڵەتی هاوردنی هەموو كاڵایەك شەش مانگ دەبێت و دەتوانرێت بۆ ماوەی یەك مانگ و تەنها بۆ یەك جار درێژ بكرێتەوە و بۆ ئەو گوژمانەی زۆرن و وەرزین و بەش بەش هاوردە دەكرێن لە كاتی بوونی بەڵگەی یاخود هۆكاری باوەڕ پێكراو (مبرر مقنع).

**بڕگەی یازدە:** ماوەی مۆڵەتی هەناردن بەپێی جۆری كاڵاكە دیاری دەكرێت بەم شێوەی خوارەوە:

أ-پێستەی خۆشكراو ،نیمچە خۆشكراو (پێكل) و بەرهەمی ئاژەڵی بۆماوەی (٢) دوو مانگ دەبێت

ب-ئەو خورمایەیی كە لە خوارووی عێراق بەرهەم دەهێنرێت و لە سنوورەكانی هەرێمی كوردستان هەناردە دەكرێت لە ٩/١ ی هەر ساڵێك تاكو٧/٣١ ساڵی دواتر رێگەی پێدەدرێت ، تەنها لە مانگی (٨) بۆ مەبەستی ئالیك یان پیشەسازی هەناردە دەكرێت (للاغراض العلفية أو الصناعية).

ج- كاڵای تر : بە مەبەستی هاندانی هەناردەكردن ، مۆڵەتی هەناردن بۆ ماوەی یەك ساڵ كاری پێدەكرێت بۆ نموونە ( هاڕاوەی پلاستێك ، كانزاكان ، باڵەی كارتۆن ...هتد)

د-بازرگان یاخود كۆمپانیای هەناردەكار مافی گۆڕینی مۆڵەتەكەی هەیە بە كاڵایەكی تر بە مەرجێك ماوەی كارپێكردنی هەمان مادەی یەكەمی مۆڵەتەكەی ڕەت نەدابێت (على ان لاتتعدى فترة نفاذها الفترة المحددة للمادة الجديدة)

ه-ئەو جۆرەكاڵایانەی كە هەناردەی دەرەوەی هەرێم دەكرێت بەمەبەستی دووبارە بەكارهێنانەوە وەك باڵەی كارتۆن و هاڕاوەی پلاستیك و قورقوشم ...هتد ) پێویستە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی پارێزگاكان بە كۆنووس (المحضر) كەشفی كۆگاكە بكەن داواكاریەكەیان بە نووسراو بنێرن بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی بە مەبەستی پێدانی مۆڵەتی هەناردن

**ماددەی ( ٥ ):-**

كۆتایی هاتنی مۆڵەتی هاوردن

**بڕگەی یەكەم:** لە حاڵەتی پابەند نەبوونی كۆمپانیای هاوردەكار بە ڕێنماییەكان یان بەكارهێنانی مۆڵەتەكە بەشێوەی نایاسایی.

**بڕگەی دووەم**:كۆتایی هاتنی ماوەی كارپێكردنی مۆڵەتەكە.

**بڕگەی سێیەم:** جێبەجێكردنی بڕگەكانی مۆڵەتەكەی.

**بڕگەی چوارەم** : بەمەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی نوێ پێویستە هاوردەكار نووسراوی كۆتایی هاتنی مۆڵەتە كۆنەكەی لە گومرگی پەیوەندیدار بهێنێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی.

**ماددەی ( ٦ ):-**

**گۆڕینی مەرز :**

دەكرێت مەرزی هێنانی كاڵا بگۆڕدرێت ئەگەر پێویست بوو بە هێنانەوەی بەڵگەی باوەر پێكراو (مبرر مقنع) و لە دەسەلاتی ب.گشتی بازرگانی دەبێت .

**ماددەی ( ٧ ):-**

**هاوردەکردنی بەرهەمی خۆراکی دروستکراو ( المنتجات الغذائية المصنعة).**

**أ- لە کاتی هاوردەکردنی بەرهەمی خۆراکی دروستکراو وەکو ئارد و نیشاستە و جوزی هندی و مەوادی عەتاری بەهەموو جۆرەکانیەوە پێویستە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ / بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی کشتوکاڵ (وقاية المزروعات) وەربگرێت بۆ دیاری کردنی مەرجەکانی هاوردەکردن و پێدانی مۆڵەتی هاوردن .**

**ب- دیاری کردنی مەرجەکانی کاڵا:-**

**لە مۆڵەتی هاوردن پێویستە هەموو مەرجەکانی پێویست بە کاڵای هاوردەکراو دیاری بکرێت بەپێی تایبەتمەندی باوەر پێکراو لە دەستەی پێوانە سازی کۆنترۆڵی جۆری هەرێم و مەرجەکانی وەزارەتی تەندروستی و هەر لایەنێکی پەیوەندیدار بە پشکنینی کاڵاکان .**

**ماددەی ( ٨ ):-**

**ئەو کاڵایانەی کە پێویستی بە مۆڵەت وەرگرتن هەیە :**

**بڕگەی یەکەم : بەرهەمی خۆراك و کشتوکاڵی :- بەرهەمی کشتوکالی خاو (المنتجات الزراعية الخامة) بەرهەمی گۆشت و مریشك وە پێکهاتەکانی (مشتقاتها) هەروەها داری خاو (الخشب الخام) پەینی کیمیایی (الاسمدة الكيميائية) ئالیك و قڕکەری کشتوکاڵی (المبيدات الزراعية) دەرمانی ڤێتێرنەری ( الادوية البيطرية ) هاوردەکردنی ئەم کاڵایانەی سەرەوە پێویستی بە وەرگرتنی ڕەزامەندی پێشەکی ( الموافقة المسبقة ) وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان هەیە بەپێی نووسراوی ڕێگا پێدان ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی بکرێت کە لە نوسراوەکە ئەم زانیاریانەی تێدا دیاری کرابێت :**

**أ. جۆری کاڵا، ب . بڕی کاڵا (الكمية ) ، ج. سەرچاوەی شوێنی بەرهەم هێنان (المنشأ) ، د. مەرزی هێنانە ژوورەوە ، هـ . ماوەی ڕێگا پێدانەکە ) , بەپێی ئەم زانیاریانە مۆڵەتی هاوردەی پێ دەدرێت .**

**بڕگەی دووەم: هاوردەکردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی پێویستی بە ڕەزامەندی پێشەکی وەزارەتی تەندروستی هەیە بەپێی نووسراوی ڕێگاپێدان کە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی / بەڕێوەبەرایەتی پێشانگاکان و خزمەت گوزاری بازرگانی دەکرێت . هەر بەهەمان شێوەی زانیاری بڕگەی سەرەوە مۆڵەتی هاوردەی پێدەدرێت .**

**بڕگەی سێیەم : هاوردەکرنی دار و درەخت و نەمامی جۆراوجۆر پێویستی بە ڕەزامەندی پێشەکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم هەیە هەر بە هەمان شێوەی زانیاری بڕگەکانی سەرەوە مۆڵەتی هاوردەی پێدەدرێت .**

**بڕگەی چوارەم: هەموو ئەو کاڵایانەی کە پەیوەندیان بە ئاسایشی هەرێم هەیە پێویستی بە ڕەزامەندی پێشینەی وەزارەتی ناوخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیە بە هەمان شێوەی زانیاری بڕگەکانی سەرەوە مۆلەتی هاوردەی پێدەدرێت .**

**بڕگەی پێنجەم:** بەرهەمی نەوت و کانزاکان / مۆڵەتی ناردنی بەرهەمی نەوت و کانزاکان دەدرێت دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی پێشەکی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێم بە نووسراوی ڕێگە پێدان بە هەمان شێوەی زانیاری بڕگەکانی سەرەوە مۆڵەتی هاوردەی پێدەدرێت .

**بڕگەی شەشەم:** هەموو ئەو کالآیانەی که ڕاستەوخۆ لەلایەن کەرتی گشتی هاوردە دەکرێت و ئەو لایەنانەی کە لێبوردنی گومرگی وەردەگرن , پێویستە مۆڵەتی هاوردن هەبێ دوای ئاراستەکردنی نووسراوی فەرمی بەبێ وەرگرتنی ڕەسمی خزمەت گوزاری ( اجور الخدمات ) مۆڵەتیان پێدەدرێت .

**بڕگەی حەوتەم:** هەرنووسراوێکی ڕێگە پێدان کە لەلایەنی پەیوەندی دار (الجهة القطاعية) دەردەچێت دەکرێت بە مۆڵەتێك لە گەڵ ڕەچاوکردنی بڕگەی چوارەم لە خاڵەکانی ( ٥ – ٦ ) ئەم ڕێنماییە

**ماددەی ( ٩ ):-**

**پۆلێنکردنی چالاکی بازرگانی ( تصنيف النشاط التجاري).**

بە مەبەستی پۆلێن کردنی چالاکی هاوردن و هەناردن پێویستە سەرجەم ئەو کەسانەی کە لە بواری بازرگانی هاوردە و هەناردە کاردەکەن لە هەرێمی کوردستان خۆیان ڕێك بخەن وەك ( کۆمپانیای تایبەتمەند لە بواری هاوردە و هەناردەی کالآ) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆمپانیاکان / هەرێمی کوردستان خۆیان تۆمار بکەن یان وەك کارگە لە ب . گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی مۆڵەتی کارکردنیان پێدرابێت لە ماوەی (٤) چوار مانگ دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە .

**ماددەی ( ١٠ ):-**

**بڕگەی یەکەم:** کار دەکرێت بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٦٤٠) لە ٢٠١٣/٣/١٨سەبارەت بە بازرگانیکردن بە ئۆتۆمبێل بڕگەی یەکەم لە خاڵەکانی (١-٢-٣-٤-٥)

**بڕگەی دووەم :** مۆڵەتی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل و کەل و پەل و یەدەگی ئۆتۆمبێلی تازە و بەکارهاتوو (الادوات الاحتياطية الجديدة والمستعملة) دەدرێت دوای پێشکەشکردنی ئەم پێداویستیانەی خوارەوە .

أ- ناسنامەی بازرگانی تازەکراوە :

ب- پێشکەش کردنی فۆرمی داواکاری لە سەر کلێشەی کۆمپانیاکان لەگەڵ یەك پولی (١٠٠٠) هەزار دیناری .

ت- پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەت بە داواکاری هاوردنی ئۆتۆمبێل ئەو زانیاریانەی تێدا دیاریکرابێت (جۆر/مۆدێل/ژمارەی شاسی (لاشە) / وولاتی بەرهەمهێنەر/تایبەتمەندیەکانی )

**بڕگەی سێیەم :** لە کاتی هاوردە کردنی ئۆتۆمبێلی دژە گوللە (درع) پێویستە ڕەزامەندی پێشەکی وەزارەتی ناوخۆ وەربگیرێت .

**بڕگەی چوارەم :** ماوەی مۆڵەتی هاوردن و هەناردنی ئۆتۆمبێل تەنها ( ٦ ) شەش مانگ دەبێت درێژ ناکرێتەوە .

**ماددەی ( ١١ ):-**

**لەبەر بەرژەوەندی گشتی :**

**بڕگەی یەکەم :** ڕێگە نادرێت بە هەناردنی ئەو کەل و پەلانەی کە لە ناوخۆ پێویستە تەنها لە حاڵەتی زیادبوونی لە پێویستی ناوخۆ وهێنانی ڕەزامەندی لێژنەی ئابووری پارێزگاکان .

**بڕگەی دووەم :** ڕێگە نادرێت بە هەناردنە دەرەوەی ئەو کەل و پەلانەی کە لە ڕێگەی فۆرمی خۆراك دابەش دەکرێن .

**بڕگەی سێیەم :** بە مەبەستی بەردەوام بوون لە پەیوەندی نێوان وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێم لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی عێراقی فیدراڵ هەموو ئەو مۆڵەتانەی (کەرتی تایبەتی و گشتی ) کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاریە بازرگانیەکانی عێراقی فیدراڵ دەردەچێت کاری پێدەکرێت و بە نووسراو ئاراستەی گومرگەکان بکرێت بە بێ وەرگرتنی ڕەسمی خزمەت گوزرای

**ماددەی ( ١٢ ):-**

بۆ پێدانی کاتێکی گونجاو بە خاڵە سنووریەکان بۆ گۆڕینی سیستەمی کارکردن بە (الكمية) لە جیاتی گوژمە ( المبلغ) هەموو فەرمانەکانی پێشوو هەڵدەوەشێنێتەوە و کار دەکرێت بەم ڕێنماییانە دوای چوار مانگ لە دەرچوونی ڕێنماییەکان

**ماددەی سێزدەهەم:** کار بە هیچ ڕێنمایەك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ ماددە و بڕگەکانی ئەم ڕێنماییە .

**د.علی سندی**

**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بە وەکالەت**

**ئەنجومەنی دادوەری**
**ژمارە: ٤٤١ لە ٢٠١٧/٨/٢٧**

## بەیانی ساڵی ٢٠١٧

ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (٥٢ لە ٢٠١٧/٨/٢٢) وە بەو دەسەڵاتەی کە بە ئەنجومەنی دادوەری دراوە بەپێی حوکمی مادده (٣٤)- چوارەم لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣) بۆ ساڵی ٢٠٠٧ وە ئاماژە بە ڕاپۆرتی چاودێری دارایی کە هاتووە بەپێی نووسراوی دیوانی چاودێری دارایی ژمارە (٢٠٩/٦ لە ٢٠١٧/٧/١٧) بڕیارماندا بە :

١- پێدانی سەربەخۆی کارگێری بە بەشیووردبینی لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان وە جیا کردنەوەی لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری و لکاندنی ڕاستەوخۆ بە سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەی هەرێم وە پەیکەری ڕێکخستنی دادگای ئاماژە پێ کراو ڕاست بکرێتەوە لە سەر ئەو بنەمایە .

٢- ئەو فەرمانە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە .

ج.سەرۆك
بنگین قاسم محمد
ل/سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-**

**بەیانی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠١٧**

- **گۆڕینی ( سەنتەری چارەسەری سروشتی دەربەندیخان ) بۆ ( سەنتەری چارەسەری سروشتی شەهید شاهۆ ) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٦/٢٠.**

**بەیانی ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠١٧**

- **گۆڕینی( یەکەی تەندروستی ) بۆ ( هۆبەی تەندروستی ) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی.**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٦/٢٠.**

**بەیانی ژمارە (٢٩)ی ساڵی ٢٠١٧**

- **گۆرینی( بەشی خۆپاراستن ) بۆ (بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستن ) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان.**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٦/٢٠.**

**د. ڕێکەوت حمه رشید کریم**
**وەزیـــری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-**

**بەیانی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠١٧**

- **کردنەوەی ( بەشی ددان و تەندروستی ناودەم و شەویلاگ) لە سەنتەری چارەسەری شێرپەنجە لە نەخۆشخانەی رزگاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٧/١٢.**

**بەیانی ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠١٧**

- **کردنەوەی ( سەنتەری جوانکاری پزیشکی ئایلا )ی تایبەت لە شاری هەولێر بە مەرجێك و پابەند بن بە گشت ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و ژینگەیی وە سەندیکای پزیشکانی کوردستان .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٧/١٢.**

**بەیانی ژمارە (٣٢)ی ساڵی ٢٠١٧**

- **کردنەوەی ( نەخۆشخانەی میدیکانۆ )ی تایبەت لە شاری سلێمانی بە مەرجێك و پابەند بن بە گشت ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و ژینگەیی وە سەندیکای پزیشکانی کوردستان .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٧/١٢.**

**بەیانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠١٧**

- **کردنەوەی ( سەنتەری جوانکاری پزیشکی vanest plastic surgery center) ئایلا)ی تایبەت لە شاری هەولێر بە مەرجێك و پابەند بن بە گشت ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و ژینگەیی وە سەندیکای پزیشکانی کوردستان .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٧/١٢.**

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیــری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) برگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-**

**بەیانی ژمارە ( ٣٤ )ی ساڵی ٢٠١٧**

- **کردنەوەی ( هۆبەی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیە درێژ کراوەکان )لە نەخۆشخانەی هەناوی فێرکاری شەهید د.هێمن سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچونیەوە رێکەوتی ٢٠١٧/٧/١٢.**

**بەیانی ژمارە ( ٣٥ )ی ساڵی ٢٠١٧**

- **کردنەوەی ( بەشی چاندنی مۆخی ئێسك ) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی لە دیوانی وەزارەت .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچونیەوە رێکەوتی ٢٠١٧/٧/٢٤.**

**بەیانی ژمارە ( ٣٦ )ی ساڵی ٢٠١٧**

- **کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی سەرکارێز )سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچونیەوە رێکەوتی ٢٠١٧/٧/٣١.**

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیــری تەندروستی**